Komala Party of Iranian Kurdistan
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەتی کومیتەی ناوەندی

ڕێکەوت: 2026/04/02

ژمارە: 1-1-020426

**بۆ بەڕێزان:**

**ئەندامان و بەشداربووانی کۆنگرەی حەوتەمی ڕێکخراوی دێمۆکراتیکی یارسان (سازمان دموکراتیک یارسان)،**

وێڕای سڵاوێکی گەرم وهاوڕێیانە!

سەرەتا بەناوی سەرکردایەتی و سەرجەم ڕیزەکانی کۆمەڵە، بەبۆنەی بەستنی حەفتەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەتان گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و هەموو یارانی یارسان دەکەین. هیواخوازین کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە ئەرکەکانی خۆی بێنێت و پڕاوپڕ لە دەستکەوت بێت. هەروەک دەزانن کوردستان و ناوچەکە و جیهان لە بارودۆخێکی هەستیاردایە، ئێران و ڕژیمەکەی لەبەردەم گۆڕانکارییەکی قووڵدایە و هەموو چاوەکان لەسەر کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. کورد بۆ جارێکی دیکە لە مێژووی هاوچەرخدا هەلێکی گونجاوی بۆ هەڵکەوتووە کە جیاواز لە چەسپاندنی مافە ئەمڕۆیی و ڕەواکانی، لەوانەیە لە داڕشتنەوەی چوارچێوە و چۆنییەتی ئێرانی داهاتووشدا دەورێکی کاریگەر و سەرەکی بگێڕێت. هەروەک دەزانن، ناوچە خوارووەکانی ڕۆژهەڵات کە بەداخەوە بەهەر هۆکارێک تاوەکوو ئێستا وەک پێویست جێگەی شیاوی خۆیان لە بزووتنەوەکەدا بەدەست نەهێناوە، پێویستیان بە تەرکیز و ڕێکخستن و وەبەرهێنانێکی سیاسی تایبەتە. ئەو بەشانە وەک شادەماری کەلتووری و سیاسی و ئابووری کوردستان، مەیدانی ململانێی داهاتووی نەتەوەکەمانە. دڵنیاین جێگەوپێگە و خەبات و توانای ئێوەی تێکۆشەر، دەتوانێت بەشێک لەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزبایی لە کۆنگرەکەتان، هیوای سەرکەوتن لەم ئەرکە گرینگ و پیرۆزەتان بۆ بە ئاوات دەخوازین و دەنگی پاڵپشتی و هاوخەباتی خۆمان دەخەینە پاڵ کۆنگرەکەتان. دڵنیاین خەبات و تێکۆشانی بێ وچان و دانەبڕاوەتان، ئامانج و ئاواتی گەلەکەمان بەرەو سەرکەوتن هەموار دەکا و پێشدەخات.

لەگەڵ ڕێز

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

سکرتاریەتی کومیتەی ناوەندیی

٢ی ئاپریلی ٢٠٢٦ی زایینی

secretariat.c.committee.k@gmail.com
www.komala.org